# شۆڕشی شووشه

عومەر جەلال
omerjelal@yahoo.com



بەیانیەکی زوو دەنگۆی ئـەوە بلاّوبـووەوە کەوا لە بازاڕدا شووشە پـارە دەکـات و نرخی پارچە شووشە بەرز بووەتەوە , تۆ ئـازاری پشـتت سـاریێژنەبووە کـە چـەند رۆژێکە بـە ئەنـدازەی خـانووەکی گـەورە بلۆکت هەڵگردووە ,ئیدی وەکو خەیاڵ بـۆ چەند ساتێك نووستی و لە پڕ هـاوڕێ نەگبەتەکانی سەردەمی منـداڵیت پـەلیان گرتی و پێیان وتیـت دەچـین بـۆ نزیـك گۆڕستانەکە شوشە دەهێنین ئەمڕۆ باشترین داهاتمان دەبێت لە بـازاڕدا وردە شووشـە کڕیـاری زۆرە ئیدی نەتـانزانی هۆکارەکەی چیە و بەیەکەوە چەند گوێنیەکی دڕاوتان لە کۆڵناو لەتەك بانگدانی مەلای مزگەوتی نزیك گۆڕستانەکە ئێوەش دەستان بە کۆکردنەوەی وردە شووشـە کـرد , هەرچـەندە سەرەتا زۆر ئازاراوی بوو وەلیٚ پاش رۆشن بوونەوەی دونیا و ئاسایی بوونەوەی رۆژ خەڵکێکی زۆری شار خۆیان کرد بەو گۆڕستانەدا هەندێك لەو ماڵانەی کە نزیکی گۆڕستانەکە بوون دەیانووت دەبێت ئەمڕۆ چ کەسێکی دەوڵەمەند مردبێت , هەندێکی دی پێیان وابـوو کێشـەیەك لەئارادایـە بۆیـە وا خەڵکی کۆبووەتەوە لە ترسی دوژمن , بەلاّم گرنگ ئەوە بوو هەر کەسەو چەند پارچە شووشەیەك کۆبکاتەوە و گوێنەدات بەوەی ئایا دەستەکانی لەچەندین لاوە دەبڕدرێت , شـار بـەرەو چـۆڵ بـوون دەڕۆشتوو گۆڕستانەکە لە قەرەباڵغیا دیارنەمابوو

تۆ چەند ساڵێك بوو بواری ئەوەت نەبوو سەردانی گۆڕەکەی باوکت بکەیت بە هۆی کار و خەمی خێزانەکەتان ,ئەفسوس لەو رۆژەدا بەهۆی گەڕانت بۆ وردە شووشە توانیت گۆڕەکەی باوکت بدۆزیتەوە کە زیاتر ئازارەکەتی سەختتر کرد ,گۆڕی باوکت هەرچەندە کێلەکەی خواربووەوە و خۆڵێکی کەمی لەسەر مابوو بە هۆی باران و کەمی خزمەتگوزاری ,تۆش جـودا لە هاوڕێکانت ئەوەندەی خەمت لای گۆڕەکەی باوکت بوو نیو هێندە سەرقاڵی کۆکردنەوەی وردە شوشە نەبوویت,ئـەوەش بووە هۆی ئەوەی نەتوانی وەك هاوڕێکانت وردە شووشەی زۆر کۆبکەیتەوە.

هەرچەندە پێویستیەکی گرنگە کە تۆ بتوانیت ئەوەندە شووشە کۆبکەیتەوە کە بتوانیـت خـەرجی ئـەو رۆژەی ماڵـەوە بەدەست بهێنیت ,ئەو رۆژە مردووی گۆڕەکانی نزیك گۆڕستانە هەمووی زیندوو دەبوونەوە و سەر لـە نـویٚ برینـەکانیان تازە دەبوونەوە بە هۆی ئەو هەموو خوێنەی لەدەستی تۆ و هاوڕێکانت دەهاتن,زۆر جـار کـە خـەڵکی کۆدەبوونـەوە و

دەگەڕان بە دواى پارچە شووشەكاندا بە كۆمەڵ جۆرێك لە ئاژاوە درووست دەبوو زۆربەى جار چەند كەسێك تووشى ئازارى برين دەهاتن.

تۆ هەميشە خەياڵت لەو رۆژانەى منداڵى بوو كە لەتەك هاورێكانتدا بەيەكەوە دەكەوتنە دواى پە پوولە پايزە و هەوڵى گرتنتان دەدا و پاشتر ئازادتان دەكرد ,ئەو هەموو دەنگە دەنگە و هاوارە تۆى گەڕاندبووەوە بۆ يادەوەرى كۆڵانەكانى منداڵى كە لەترسى پياوە بەتەمەنەكان گەمەكانتان دەبرد بۆ ئەو گۆڕستانەى ئێستا جەنگى شوشەى لێ دەكەن,هەرگيز بەيادەوەرى كەسدا نەهاتووە و نايا كە رۆژێك بێت خەڵكى هەموو وێڵى دواى پارچە شوشە بن؟ كێ دەيووت ئەو پە نجانەى كە بۆ ئەوە درووست كراوە لە نێو دەستى ياردا بێت كە چى رۆژكار واى لێبكات لە كەمەرى پارچە شووشەكان ببێتە برين؟ كەس واى بەخەياڵدا نەدەهات رۆژێك بێت ئەو دەستانەى كە بۆ ژەنينى كەما نجە درووست بووە ئەمڕۆ شووشە بژەنێت ؟ كێ دەيوت ئەو دەستانەى لە نامە نووسين بێزارنەبێت و هەنووكە ئاوێتەى پەيڤى شووشە بێت؟ ئەوئێوارەيە بازاڕ چۆڵ بوو ,گۆڕستان لێوان لێو لە مرۆڤى وێڵى دواى شووشە ,هەركەسە و بەئەندازەيەك ڕامابوون لە ڕەنگا و ڕەنگى ئەو پارچە شووشانەى كە خۆر لەو گەرمايەدا واى لێدەكردن بريسكەى شوشەكان قەشەنگتر بن

تۆ كەسێك بوويت هەرگيزا و هەرگيز خەم وا لاوازى نەكردبووى بەو شێوازە ترسناكە كە منداڵەكان بەسەرتدا تێپەربن,وەڵى ئەگەر دوێنێ پە نجەكانت سەرماى زستان تەزاندبێتى ئەوا ئەمڕۆ سووريى خوێنى ئەو پارچە شوشانە و ئەو گەرما لاسارە هەراسانى كرددبووى ,ئەفسووس تۆ مرڤێك بوويت جودا لە هاورێكانت بەكەڵكى ئەوە نەمابوويت گوێنيەكەت پڕ بكەيت لە پارچە شوشە و بەلاّم بە ناچارى وەك هاورێكانت ,وەك و خەونەكانت ئەو هەموو پارچە شوشانەت لە كۆڵنا و خوێن لە پشتەوە رێگايەكى درووست كە لەو جۆگەيە دەچوو بە منداڵى لەتەك هاورێكانت پێتان تێدەكرد ,بيرتان لەوە نەكردبووەوە ئايا دەگەنە ماڵ يان نا ؟ئايا شوشە چى پێ بەخشين و پاداشتى چ بوو ؟ وەك هەموو رۆژە سەختەكانى ڕابردوو كۆڵەكەت داناو نووستى بە ئەندازەى نووستنى پيرێك لەسەرە مەرگدا بەو جل و بەرگەوە تاكو بەيانى بەمەبەستى ئەوەى زوو هەستيت نەبادا لەخەونەكانتدا هەست بە بەختەوەرى بكەيت, تەنانەت تۆ لە دۆخێكداى خەونەكانيشت ئازاراوييە